## پێشەکی چاپی یەکەم

هەرچەندە لە پێش ساڵانی حەفتاوە دەستم داوەتە شیعر نووسین، بەڵام یەکەمجار کە ویستم کۆمەڵە شیعرێك بە چاپ بگەیەنم ساڵی ١٩٧٢ بوو، ئەوەبوو ناوم لێنا (ژانی ئەرخەوان) و لەگەڵ برادەرێکدا ناردم بۆ بەغداو پاش ماوەیەك ئەو برادەرە ئاگاداریکردمەوە کە بە هۆی کارەساتێکی نالەبارەوە دەفتەرەکەی ونکردووە. ئیتر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٨٠ چەند جارێکیتریش ئەو هەوڵەم دووبارەکردەوەو بەداخەوە هەموو جارێك کۆسپێك یان تەگەرەیەك دەبووە هۆی بەئەنجام نەگەیاندنی کارەکەم هەتا بە تەواویی لە چاپکردنی شیعرەکانم ساردبوومەوەو ئەوەندە بە لامەوە گرنگ نەبوو کە دیوانی چاپکراوم هەبێت یا نا. لەم رووەشەوە بەردەوام رووبەڕووی گلەیی و رەخنەی برادەران و شیعردۆستان بوومەتەوەو زۆربەیان بەلای ئەوەدەچوون کە چاپنەکردنی شیعرەکانم بەشێکە لە خەمساردیی و کەمتەرخەمی خۆم بەبێئەوەی لەوە ئاگاداربن وەکو لێپرسینەوەیەکی ئەدەبی ئەوەی لەسەرمە هەوڵم بۆی داوەو پێوەی ماندووبووم و تەنانەت هەندێك شیعریشم بەهۆی دەستاودەستکردنی کێشەوبەرەی چاپەوە فەوتان و لەناوچوون. ئەم کۆمەڵە شیعرەش کە لێرەدا کۆمکردوونەتەوە بەشێکی کەمن و زۆربەیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوەو پێویستە ئەوەش روونبکەمەوە کە لە ئامادەکردنی ئەم شیعرانەدا هیچ نەخشەو پرۆگرامێکی تایبەتیم نەگرتووەتەبەرو بەپێی ساڵ دابەشم نەکردوون، تەنیا ئەوەندە هەیە کە بێجگە لە دوو- سێ پارچە هەموویان بۆ ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٨٠) دەگەڕێنەوەو زیاتریش بایەخم داوەتە شیعرە



بڵاوکراوەنم. ئەوەکانی تریش کە هێشتا رووناکییان نەدیوە بۆ کۆڵە شیعرێکی تر هەڵدەگرم. بەو هیوایەی لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ئەو دەرفەتەم بۆ هەڵکەوێت کە بتوانم هەموو شیعرەکانی خۆم بە گوێرەی پلان و پرۆگرامێکی رێکوپێك لە یەك بەرگدا بە چاپ بگەیەنم.

سەلام محەمەد
رەحیماوە/ کەرکوك
١٩٨٦/١٢/٢٧

## پێشەکی چاپی دووەم

### خوێنەری بەڕێز:

ئەم شیعرانە زۆربەیان بۆ سالآنی حەفتاکان دەگەڕێنەوە، تا رادەیەکیش زۆر درەنگ لە دیوانێکی سەربەخۆدا چاپکران. یەکەمین کۆمەڵە شیعرم (دڵی کوردستان) بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٠دا پاش رێکەوتنەکەی ١١ی ئازار بە ئاسانی لە رەقابە دەرچوو. ئەو بەرهەمانەی کە لەو دیوانەدا کۆمکردبوونەوە، رەنگدانەوەو کارتێکردنی شیعرەکانی گۆران و هەردی و کامەران موکری پێوە دیاربوو. هەمووشیان کێش و سەروایان هەبوو. ئەو دەمە تازە دەستم دابووە نووسینی شیعری نوێ و قۆناغی گوێزانەوەم بوو لە جیهانی کلاسیك و رۆمانسیەتەوە بۆ قۆناغی تازەگەریی و نوێخوازیی و یاخیبوون. هەرچەندە لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیرییان دەکردم بۆ چاپکردنی دڵی کوردستان، بەڵام گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە چاپی نەکەم باشترە، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شیعرە تازەو کۆنەکانمدا هەبوون. یەکەمجاریش کە ویستم کۆمەڵە شیعرێکی نوێ چاپ بکەم، ساڵی ١٩٧٢ بوو، بە ناوی (ژانی ئەرخەوان)ەوە، کە ناونیشانی شیعرێکی ئەو سەردەمەیەو لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە. ئەو شیعرەو نزیکەی بیست شیعری تریش لەوانە، کاروانی خوێن و منیش دڵداری کەیوانم ئەی پارتی غەم و قەسیدەی گورگ، کە لە ساڵی ١٩٨١دا لە شاخ چاپکرا نەکەوتنە بەردەست تا بیانخەمە توێی ئەم کتێبەوە. ژانی ئەرخەوان لە رەقابە دەرنەچوو، سەرەڕای گاریگەریی رێکەوتنەکەی ١١ی ئازاریش، چونکە بڕوبیانووی ئایینی نەك سیاسیی، کرا بەهۆی چاپنەکردنی. دوای ئەوە تێکڕای شیعرەکانم کۆکردەوەو بە ناوی (بارانی رەنگاوڕەنگەوە) ناردم بۆ رەقابە، هەر بە نێگەتیڤ وەرام درایەوە. چەندجارێکی تریش



هەوڵی وەرگرتنی رەزامەندی رەقابەم دا هەر بێ سوود بوو. لە ساڵی ١٩٨٧دا چەند شیعرێکی هەڵبژاردەو بڵاوکراوەم کۆکردەوە بە ناوی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)و بۆ خۆشبەختی مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار بوو بە بڕیاردەرو زۆربەی شیعرەکانیش لە دوای پاشگەزبوونەوەی بەعس لە رێکەوتنەکەی ١١ی ئازار لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوکرابوونەوەو رێگای چاپکردنیان پێدرا. ئەوەبوو ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیریی و لاوان یارمەتیدام بۆ چاپکردنی و کاك نازم دڵبەند لە چاپخانەی حسام لە بەغدا ئەرکی چاپکردن و سەرپەرشتیکردنی خستە ئەستۆی خۆی. پێش ئەوەی دیوانەکەش بکەوێتە بازاڕەوە، ئێمە هەردووکمان گیراین. گرتنی من بە هۆی فیراریی بوو لە سەربازیی و وەك پاشان زانیم ماوەیەکی زۆر سەرەڕای ئەوەی کتێبەکە چاپیش کرابوو هەر لە چاپخانەدا مابووەوە، چونکە دوای ئەوەی پاداشتەکەم لە ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیریی وەرگرت دەبوو بیدەم بە کاك نازم و ئەویش بیدات بە خاوەنی چاپخانەکە، ئەوەبوو کارەساتی ماڵسووتان و فیراریی و ترسی گوللەباران هەموو شتێکی لە بیر بردمەوە. لە ئەنجامدا هەر گیرام و کەوتمە زیندانەوە تا داگیرکردنی کوێت و دەرچوونی لێبووردنی گشتیی کە ئازادکرام و بوومەوە بە سەرباز، بەڵام دەسبەجێ هەڵاتمەوە. ئەوجا راپەڕین و کۆچ و کۆڕەوەکەی بەسەردا هات و لە رۆژی ١٩/٨/١٩٩٢ کەوتمە سویدەوەو تا ئێستاش لەو وڵاتەدا ژیان بەسەر دەبەم.

بیست ساڵ زیاتر لە نووسین و تا رادەیەك لە خوێندنەوەی ئەدەبیش تاك و تەرۆك نەبێت دوورکەوتمەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ بە دوواوە چەند بەرهەمێکم بڵاوکردووەتەوە، ئەگەر بە شیعر بژمێردرێن. لێرەدا خستوومنەتە ناو ئەم کتێبەوە لەگەڵ هەندێك شیعری ترمدا کە لە لایەن شاعیر سەباح رەنجدەرەوە کۆکراوەتەوەو لە چەند ژمارەیەکی جیاجیای گۆڤاری نەوشەفەقدا بڵاوکراونەتەوە، ئاگاداریشم کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ دۆزینەوەی ئەو شیعرانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤دا لە

هاوكاری و بەیان و برایەتی و بیری نویٚ و پاشكۆی كوردی عیراقدا، بڵاوكرابوونەوە، كە كۆمەڵە شیعرێكی تەواویان لیٚ پێكدێت، بەڵام دۆزینەوەیان ئاسان نییە.

پار كە یەك دوو شیعرم بڵاوكردەوە، یەكسەر برایانی شاعیر حەمە كاكەڕەش و محەمەد كوردۆ پێوەندییان پێوەكردم بۆ سازدانی دیدارێك بۆ گۆڤاری هەنار. شاعیر حەمەی كاكەڕەش دیدارەكەی سازكردو پاشان شاعیر محەمەد كوردۆ پێشنیازیكرد گۆڤاری هەنار كۆی شیعرەكانم لە یەك كتێبدا بڵاوبكاتەوە. پێشنیازەكەم بەلاوە پەسەند بوو، ئەو دوو برایەش یەكەم كەس بوون زۆر بە دڵسۆزییەوە بەردەوام هانیانداوم بۆ دووبارە چاپكردنەوەی دەمەو ئێواران. پاش تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵگارەش گۆڤاری هەنار یەكەمین بڵاوكراوەیەكی رۆشنبیریی كوردی بوو، كە پێوەندی پێوەكردووم بۆ چاپكردنی كۆی بەرهەمەكانم، كە بەداخەوە ئەوەی لێرەشدا كردوومانە، تەواوی بەرهەمە شیعرییەكانم نییە، لەبەر سیٚ هۆ:

یەكەم: لەو چوار ساڵەی رێكەوتنەكەی ١١ی ئازار زۆر بە چڕیی لە تێكڕای گۆڤارو رۆژنامە كوردییەكاندا شیعرم بڵاوكردووەتەوە، كە كۆكردنەوەیان كارێكی ئاسان نییە.

دووەم: هەندێك شیعرم تەنها دەستاودەستیان كردووەو بڵاونەبوونەتەوە، هەندێكیان فەوتان و لەناوچوون.

سێیەم: ساڵی ١٩٨١ لە دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، كۆمەڵە شیعرێكم چاپكرد بێجگە لە شیعرە بڵاوكراوەكانم چەند قەسیدەیەكی نوێی تێدابوو، بە تایبەتی قەسیدەی گورگ كە تاقیكردنەوەیەكی تازە بوو، بەڵام ئەو كۆمەڵە شیعرەشمان دەستنەكەوت.

ئەوەی كە ئێستا لەبەردەستدایە لە چوار بەش پێكهاتوون:



**بەشی یەكەم:** كۆمەڵە شیعری دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەكی زەردەوە، كە پاش چەندین هەوڵ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢- ١٩٨٨ ئەوجا تەنها بەرهەمە بڵاوكراوەكانی بە خۆیەوە گرتبوو، بۆ یەكەمجاریش لە ساڵی ١٩٨٨دا چاپكرا، بەڵام هەر بۆ نموونە شیعری دەمەو ئێواران خۆی لە ساڵی ١٩٧٤دا نووسراوەو پاشان لە گۆڤاری بەیاندا لە ساڵی ١٩٧٦دا بڵاوكراوەتەوە.

**بەشی دووەم:** ئەو شیعرانەیە كە بە یارمەتی چەند كەسێك گەیشتنەوە لام. هەندێكیان هەرگیز بڵاونەكراونەتەوەو ئەوانەی كە ساڵی نووسینیان نەنووسراوە، خۆشم نازانم كەی دامناون.

**بەشی سێیەم:** ئەو شیعرانەیە كە لە ساڵی ٢٠٠٨دا نووسراون.

**بەشی چوارەمیش:** ئەو دیدارەیە كاك حەمەی كاكەڕەش لە گەڵمدا سازیكردو پاشان لە ژمارە ٣٧ و ٣٨ی گۆڤاری هەناردا بڵاوكرایەوە لەگەڵ روونكردنەوەیەك دەربارەی دیدارەكە.

ئەگەر هەستی دڵسۆزانەو شیعردۆستانەی شاعیران حەمە كاكەڕەش و محەمەد كوردۆو سەباح رەنجدەر نەبووایە كە بەردەوام بۆ چاپكردنی ئەم كتێبە هانیانداوم و ئامادەیی خۆیان دووپاتكردووەتەوە بۆ گشت جۆرە هاوكاری و یارمەتییەك، ئەوا هەرگیز پرۆسەی چاپكردنی سەری نەدەگرت و نەدەكەوتە بەر دیدی خوێنەران.

لە دڵەوە سوپاسیان دەكەم و دەزانم تەنها دڵسۆزیی و خۆشەویستییان بۆ وشەی كوردی و شیعری كوردی ئەم هەڵویستەی لا دروستكردوون، كە هیوادارم وێنەیان زۆر بێت.

سەلام محەمەد

ڤێستەرۆس – ٢٠٠٩/٨/٢٣

* كۆپلەی سێیەمی ئەم شیعرە سەرەتای
شیعری ((ئاسۆی خۆرنشینە))و لێرەدا دووبارە کراوەتەوە.

سەرنج: ئەوانەی لە ساڵی **١٩٨٨**دا هاوکارییان کردبووم لە چاپکردنی کتێبەکەدا، ئەم بەڕێزانە بوون:

زادەی خۆشنووس: خەتی بەرگ و ناونیشانی شیعرەکان.
حسام حەکیم: وێنەی بەرگ.
ئازا حەسیب قەرەداغی: دەرهێنانی هونەریی و نەخشەسازییەکانی ناوەوە.
عەبدوڵلا عەلی دارتاش: کۆکردنەوەی شیعر.
نازم دڵبەند: سەرپەرشتیکەرو خاوەنی ئیمتیازی چاپکردن.

ئاسوودەم کاو دڵیم بۆ بکاتە سەرین
وەرە خوارێ ئەی بەفری جوان
بە دەم نەرمە پڕووشەوە
وەرە خوارێ
وا پەنجەرە ئەکەمەوە
تێر تێر بە رووومدا بباریێ
مەگەر تەنیا تۆ بتوانیت
وەک پەرییەک
کراسێکی تەنک تەنکی لە بەردابێت
شەوەزەنگی بیابانی
دڵ ئاوەدان بکەیتەوە
ئۆخەی گیانە ئەوەتانێ
بۆنی رنووە بەفری دووری
کوردستانیش لە گەڵتا دێ

بەرلینی رۆژئاوا - **١٩٨٢**



## رازەکانی شەو

نازانم ئیمشەو شیوەنە یان شاییە
نازانم ئاهەنگی چرا کوژانەوەی
حەمە سووری کڵاوقوتە
یان شەوچەرەی کاکەییە
یان پەلکەزێڕینەی شووشەی
ئەندێشەیەو
هەر وڕێنەی تەنیاییە
کێ؟ چوزانێ؟
ئیمشەو لە دوای دوا پەرداخ و
دوای تەقینەوەی دۆزەخی سووری ناخ و
وەستانی کات
دوا گیانەڵڵای تەمەن نییە
ئەوجا ئیتر
(کۆچی یارەو کۆچی سوورە)و
نۆرەی کۆچی ئەبەدییە
نا نا ئیمشەو
شەوێکی (دیار)و درێژە
شەوی خەڵوەتی مەولەوی و

## ئێوارە پیاسەیەک
## بە کۆڕنیشەکەی کەرکوکدا

### نامە

ئاوارەیەک لە فەیلەقی کەرکوکەکەوە
دەربارەی ماددەی بیستوچوار
نامەیەکی نارەزایی بۆ پەرلەمانەکەی عێراق
خستبووە رێ
تا نامەکە گەیشتە جێ
یەک یەک هەموو حەرفەکانی
ببوون بە پشکۆی ئاگرو زەردەواڵە
زەرفەکەیش ببووە مەقاڵە



### ڤالانتاین ٢٠٠٩/٢/١٤

بە بۆنەی ڤالانتاینەوە دڵدارەکانی شۆریجەو رەحیماوە
هەموویان بڕیارایانداوە
لە داخی پەڕۆی سەوزو زەرد
ئەمساڵ یادەوەریی جەژنی خۆشەویستی ناکەنەوە
لەو رۆژەدا ماندەگرن و بەختی کورد ئەدەنە بەر بەرد

### قەرە قۆینلو

وەچەی قەحتان
کاتێ هاتن وەکو گەنە، بوون بە دوومەڵ
بوون بە قالۆنچەو بە قاچی (دە هەزارەوە)
نووسانە پێستی شارەوە
پاشان عرووبەو موسەنناو ئەندەلوس و ئەبو غەزبان
کۆبوونەوەو
بەربوونە گۆڕینی ناوی کۆڵان و بازاڕو دوکان
بەر لەوانیش ئالی عوسمان
کاتێ هاتن
توورەکەیەک کێچی (قەرە)ی وەک دڵی خۆیان بۆ هێنام
ئێستایش بۆیە شارێکی پڕ لە فەرتەنەم
شڵەژاوی بۆردوومانی کێچ و گەنەم

## هاوسەرەکەی مامەڕیشە

لەگۆڤارێکدا خوێندمەوە
هاوسەرەکەی مامەڕیشە
داخوازییەکی نووسیوە، تیایدا وتوویەتی ئەویش
حەزدەکات سەیارەیەکی قنج و بچکۆلانەی هەبێت
سەیارەیەکی ئاسایی نەک مارسیدس و شۆفرلێت
کاتێ چۆتە نووسینگەی شار
کاربەدەستێکی قەڵەوی سک پڕ دۆلار
گلەیی لێدەکاو دەڵێت
تۆ چی لە سەیارە دەکەی
ئەوەندەت بەسە خێزانی
شەهیدێکی گەورەی وەکو مامەڕیشەی
***

## غەمی باڵابەرز

باڵەخانەکانی هەولێر
شوقەکانی سلەیمانی
راستە بەرزن وەک بورج وان



بەڵام لەوانیش بەرزتر
عیمارەی غەمی کەرکوکە
وا چۆتە حەلحەلەی ئاسمان

## قوتابخانەی میللەت

دوو منالّی کوردی نەگبەت
خەڵکی خانووە قوڕەکان بوون
هەموو رۆژێک نیو سەعاتێ بە پێدەچوون
بەرەو قوتابخانەی میللەت
دوو مامۆستای کراس سەوزو کراس زەردی گەنج و خرپن
لەوێ فێری (دارا داری دی) دەکردن
کاتێ من چووم سەبەتەیەک مێوەی خۆشم
لە گەڵ خۆمدا بۆ بردبوون
منالّەکان پاش ئەوەی لە نیگای چاوی
هەردوو مامۆستاکە رامان
یەکێکیان سێوێکی سەوزو
ئەوەکەی تر هەرمێیەکی زەردی رفان

## کوردستانی سوید

ئەگەر هەموو دانیشتووانی کوردستان
بە فڕۆکەی پان و بەرین
بۆ وڵاتی سوید بەرین
سویدییەکانیش هەموویان
ببەین بۆ کوێستان و گەرمیان
بشێ ئەوسا
کاروانی کۆچ و هیجرەتی پەنابەران
لێرەوە بێت بۆ وڵاتی رۆژهەڵاتی سویدستان؟؟؟



## سیمفۆنیای ئەجەل

جوانترین شیعر بنووسم
جوانترین چیرۆک و رۆمان
گریمان بووم بە خاوەنی پەنجا دیوان
بە چی ئەچێ و چی ئەگۆڕێ
کە بیر لە سیمفۆنیای ئەجەل ئەکەمەوە
نوقمی خەیاڵی دوور ئەبم
ئەڕۆم بۆ کەوکەبێکی جوان
پڕ لە نێرگزی سەعادەت، لە ڕێحانەی سپی رۆح و
لە فریشتەو لە پەپوولەی خەونی پیرۆزی مناڵان
ئا لەوێدا، دیوارێکی شووشەبەندی
لە گەرما سوور هەڵگەڕاوی رەق و ئەستوور
ئەکەوێتە نێوان من و خواوەندەوە
ئەگینا بۆ خۆم بە نووری خۆشەویستی خوا ئەسووتام

سوید — **٢٠٠٨/٩/٢٠**

لە ژمارە ٣٣ی گۆڤاری هەناردا بڵاوکراوەتەوە

## چەند سەرنجێک:

میگراشوون مەبەست لە دایرەی هیجرەیە بە زمانی سویدی.

قەرە واتە رەش، بە زمانی توركی وەک قەرە سالم، قەرە حەسەن، قەرە هەنجیر کە عوسمانیەکان بە زۆرەملێ سەپاندوویانە.

بێجگە لە دوا کۆپلە ئەوەکانیتر رەنگدانەوەی بارودۆخی تایبەتی شاری کەرکوک و کوردستان بە گشتین. چۆن سیاسییەکان خیتابی خۆیان هەیە، پێموایە شاعیریش هەندێجار مافی ئەوەی هەیە خیتابی خۆی هەبێت و خواوەندی ئیلهام لایەنە هونەرییەکەی ئەبەخشێت، ئەگەر لە پێناوی مەسەلەیەکی رەوادا بێت و لەسەر هەڵەی زمانەوانیی بچووک لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات.

***



## بۆ شێرزادی جوانەمەرگ

شەوی ٢٧ / ٢٨ی مانگی تەمموز لە شاری ئۆپسالای سوید شێرزادی خوشکەزام بە نەخۆشییەکی کوتوپڕ لە تەمەنی بیستوحەوت ساڵیدا کۆچی دوواییکرد. ئەم چەند وشەیە لە یادی چلەی ماتەمینیدا نووسراوەو خوێنراوەتەوە.

ئەگەر هەموو خەمەکانمان کۆکەینەوە
دەنک دەنک... ...
بیانکەینە ملوانکەیەک لە ئەستێرە
ئەوە تۆی شێرەکەی هەمووان
لە ناوەڕاستی ئاسمانا بە ملوانکەی ئەستێرەوە
قاتێکی سپی ئاوریشم و کراسێکی شینی کاڵ و
بۆینباخێکی یاقووتیت لە بەردایە
بە چرپەیەکی نەرمەوە ئەڵێی دایە
هەستە با بەم کەنارەوە
کەناری شەقامی هەورو تریفەی جوان
سووکە پیاسەیەک بکەین
ئەگەر کاتمان هەبوو تۆزێک سەریش ئەدەین
لە خزمەکانی ڤێستەرۆس

ئۆغرت خێربێ شێره گیان
تۆ له جیاتی پیاسەی سووک
هەر بە تەنیا شەقامی هەورو تریفەت تێپەڕان و
چووی بۆ وڵاتی رۆحەکان
لە جیاتی دیدەنی و سەردان
لەم غەریبی و تاراوگە ساردو سڕەدا
بووی بە یەکەم موسافیری خزمەکان و
بووی بە سەرقافڵەچی کاروان
ئەوەتانێ وا لە بەرچاومی شێره گیان
هەر چەند مەترێک بە سەرووی ماڵەکەتەوە
بە پەڵە هەورە سپییەکەی گۆتسووندەوە
بوویتە بە گوڵە ئەرخەوان
کـە شـنەی بـا لـە دارسـتانە سـەوزەکـەی ئـەودیوتـەوە
هەڵیدەکات...
وەک سنەوبەری کەڵەگەت بەژن و باڵات
بەرز... بەرز... ئەبێتەوە
ئەوسا هەموو یادەوەریی دۆست و یاران
لە بناری سنەوبەری ئەو بەژنە زراڤەی تۆدا
ئەبن بە ریحانەڕەشەو گوڵاڵە سوورەی بەهاران... ...



بۆ وا پەلە بووی شێره گیان
ئاخر کەی وادەی ئەم کۆچە کوتوپڕەو
ئەم سەفەرە بێ پلانەو
ئەم هەڵفڕینە دوورەبوو
خۆ تۆ ناچیت بۆ تایلاندو بۆ ئیسپانیاو بۆ کوردستان
تۆ بەسەر شەقامی هەورا تێدەپەڕی و
کۆڵانەکانی تریفەت گرتۆتە بەر
تۆ بۆ شارێکی دوور ئەڕۆی... ... ... تا بڵێی دوور
کەوتۆتە ئەوسەری ئاسمان
ئێ، ئاخر، بەڵام، شێره گیان
خۆ تۆ هێشتا نە جانتات کۆکردبۆوە
نە بلیتی فڕۆکەت پێگەیشتبوو
نە پەساپۆرت و نە ڤیزەت وەرگرتبوو
تۆ تەنانەت ماڵئاواییت لە هیچ کەسێک نەکردبوو... ...
*****

چەند پەلەبووی شێره ئازاو مـەنگ و جوانـەکـەی ئۆپسالا...
چەند پەلەبووی
فریای ئەوەندەیش نەکەوتی
هەواڵێ ... ... یا ... ... تەلەفۆنێ
نامەیەک ... مێدیلاندەیەک ... ... لە دوای خۆتەوە جێبێڵی...

مەشقی گۆرانی نوێ ئەکەن
ئا ئەو گوڵە یاقووتیەش کە شمشاڵیان بۆ لێئەدات
مۆزارت نییەو قالەمەڕەکەی خۆمانە
لە سەنتەری باغەکەمدا کتێبخانەیەکی بچووک
وەک کولێرەی تازەبرژاو
هەڵمی هەناسەی کتێبی گرتێبەربووی لێهەڵدەستێ
پڕە لە رۆمان و شیعرو کورتە چیرۆک
کە هێشتا نەنووسراونەتەوە
نەغمەیەکی ئەوەندە بە کوڵ و سۆزیان لێوەدەڕژێت
ئەگەر هێزی دەربڕینی گشت زمانەکانی دونیا کۆکەینەوە
لەو نەغمەیە تێناگەن و
توانای وەسفی زەخرەفەی نۆتەیان نییە...
ئەو گوڵە نەغمە جوانانە
هەندێکیان لە گوڵەکانی ژێر ئاوی ئۆقیانووس دەچن
هەندێکیانیش گوڵی کەوکەبێکی ترن و
بە ئاسمانەوە لە شێوەی گوڵە ئەستێرەی پایزان
کەوتوونەتە ناو باغەکەم
*****

لێرە لە سوید، باغێکی گەورەم هەیە
تەنیا خۆمیش باغەوانیم
هەر خۆم ئەزانم چۆن و کەی گوڵاڵەکانی ئاو ئەدەم



بە تەنیایش خۆم، بۆنی غونچە و عەترەکانیان ئەناسمەوە
لە ناویاندا دووانیان رووناکی و تریفەی وشەکانیان
شەپۆلی تیشک ئەهاوێژن
پرشنگ و بریقەی شەوقیان بە جۆرێک ئەدرەوشێتەوە
بۆتە جەژنی هەزارەها پەپوولەی زەردو سەوزو شین
ئەو دوو گوڵە... سوورو سپین
سوورەکەیان دڵی مەسعود محەمەدەو
سپیەکەیشیان سەرو ریشی موبارەکی مەلا شوکور مستەفایە
*****

لێرە لە سوید، باغێکی گەورەم هەیە
پڕە لە گوڵی جۆراوجۆر
هەر گوڵەو ناوی خۆی هەیە
هیچیان لەوەکەیتر ناچێ...
گوڵە شەونم، گوڵە بەفرو
گوڵە ئاخ و گوڵە داخ و گوڵە ناخ...
لە سەرەتاوە ئەم باخە
رووبەرەکەی، تەنیا چوار پێنج مەترێک ئەبوو
بەڵام پاش حەڤدە ساڵ دووری لە کوردستان
ئێستا زۆربەی زەوییەکانی دەوروبەری گرتۆتەوە
ناچار ئەبێ بەردەوام و بێ پشوودان
بە دیارییەوە ئێشک بگرم

هەتا دەمەو ئێوارانێک
بە دەم ئاودانی گوڵەوە لێرە ئەمرم...

سوید – **٢٠٠٨/٩/١٣**

***



## برووسکەیەک
## لە کەرکوکەوە بۆ شێرکۆ بێکەس

ئەم برووسکەیە وەڵامێکە بۆ شیعرێکی لە دڵەوە بۆ دڵی هاوڕێی شاعیرم کاک شێرکۆ بێکەس بە ناونیشانی (حەوت پەڕەسێلکەی ئێوارەیەکی کەرکوک)، کە لە ژمارە - ٢٧٠-ی رۆژنامەی – هەواڵ-دا بڵاوکراوەتەوە. ئەو دێڕانەی کە خراونەتە نێوان دوو کەوانەوە، شیعری کاک شێرکۆ خۆیەتی.

سوپاس برام
( هەرسێکتان بوون
هەولێرو سلێمانی و دهۆک
بە پاسێکی زەردو سەوزی فیدراڵیەوە)
هاتنە سەردانی و دیدەنیم
سوپاس هەموو دیارییەکانتان گەیشتنە لام

(دهۆک دوو زەمیلە پەیڤی
رەنگاوڕەنگی فۆلکلۆری بۆ هێنابووم
هەولێر تابلۆی دڵی خۆی و
دوو سێ گۆڕەپان بەڵێن و

پڕ بە قەڵایەک حەیرانی بۆهێنابووم
سلەیمانیش لەگەڵ خۆیدا:
وێنەیەکی گەورەی قودس و
تازەترین نوکتەی تەڕی شاخی گۆیژەو
دوو دەرزەنیش فشەفشی موعەلەبی بۆهێنابووم)

سوپاس برام،
دیارییەکانتان گەیشتنە لام
بەڵام وەک خۆتیش ئەزانی
ئەو ڕۆژانە نەخۆش بووم و
(لە شەڕێکی قەراغ شاردا
لەگەڵ خێڵی ئوسامەدا
ئەوسا دەستێکم شکابوو
تا ئەو ساتەی ئێوە هاتن
لە گەچدا بوو)

ئێستا نەک تەنیا هەر دەستم،
قاچی چەپیشیان شکاندووم
هەموو لەشم بۆتە برین
نەک تەنیایش خێڵی ئوسامە،
بگرە هەموو خێڵەکانی



ئەتاتورک و ئەتافورس و ئەبوجەهل و
تێکڕا هەموو چەتەکانی بیابانی دووررگەی عەرەب
چوار دەوریان ئابلۆقە داوم
منیش تەواو حەپەساوم
گەر بە راستی برای ئێوەم
گەر بە راستی برابەشی نەوتەکەم و غەمەکەمن
فەرموون وا بە ڕۆژی ڕووناک بە بەر چاوی خۆتانەوە
هەتک دەکرێم...
ئەوەتانێ... لە نەجەف و کەربەلاوە
تەڵاقنامەی جیابوونەوەم لەکوردستان بۆ نووسراوە
من خۆم تاکو دوا هەناسەم
ئەو دەعوایە ئیمزا ناکەم...
وەکالەتیشم نەداوە
بە هیچ کاک و مام و خاڵ و ئامۆزایەک
پەنجە وەردەنە ئیمزاوە

فریامکەون براکانم... ... فریامکەون
ئەگەر ئێمە لەم تەنگانەو قەیرانەدا برانەبین
کوردایەتی و قودس و دڵ چین؟
بەڕێز کاکە سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی
کاکە هەولێری پایتەخت و شارەکەی قەڵاو منارە

بۆنی میمی ئامین و میمی فەخرییان لێدێت
بۆنی چایخانەکەی شۆڕیجەو بازاڕی مێوەکەی ئازادیان
لێدێت...

ئەگەر تۆزقاڵێ غافڵ بم و پەنجەرەیەکی ناخم بکرێتەوە
باڵندە شیعرێک فرسەت ئەهێنێ و
ئەدا لە شەقەی باڵ و فیرار ئەکات
تکایە ئەگەر لە هەر شوێنێکدا
باڵندەیەکی ئاگراویتان بینی... لێی مەترسێن
ئەوە شیعرێکی هەڵاتووی ناخی منە.

سوید- **٢٠٠٨/٩/٩**
***



## چرکەکانی گیاندەرچوون

کەس نازانێ،
لە چرکەکانی گیان دەرچووندا
مرۆڤ هەست بەچی دەکات
دەڵێن لە سەرەتادا
بە تونێلێکی رەش و تاریک و درێژدا
تێدەپەڕێت و
پاشان، دەکەوێتە ئاسمانێکی پڕ لە نوورو
پڕ لە پەمۆی سپی یا شتێکی لە بابەتی پەمۆ
دەڵێن کە مرۆڤ ئەمرێ لۆکەی نەبینراوی رۆحی
تەرمەکەی خۆی دەبینێت و پێیدەڵێت
ئا ئەوە قەپاغی من بوو لەسەر زەوی
ئەی مرۆڤی قەپاغ
ئا ئەوە توێکڵ و کارتۆنی ژیانی من بوو
ئەی مرۆڤی مقەباو کارتۆن
ئەم ئاسمانەی کەوتۆتە دیوەکەی تری زەمەنەوە
پڕاوپڕە لە تاڵەپەمۆی بێ ژمارە
هەرهەموویان یەکتری دەناسنەوەو
بەخێرهاتنی یەکتریش دەکەن
ئەوە ئاسمانێکی خەیاڵییە

یا کێڵگەیەکی بێسنووری پەمۆی پیرۆزە
وا سپی سپی دەکاتەوە؟
لەوێ... بە دەم شنە ئاوازێکی خوداییەوە
دەلەرێنەوەو سەما دەکەن
بکوژو کوژراو
جەللادو قوربانیی
زۆردارو زۆرلێکراو
راستی و درۆ

هەر هەموویان بە زمانێکی گەردوونی
باس و خواسی حەقیقەت
بۆ یەکتری دەگێڕنەوە
گوایە بە درێژایی ژیان
رۆح خەوی لێکەوتووەو
تەنیا لە چرکەی مردندا
بێدارئەبێتەوەو چاو هەڵدێنێت و
دەچێتە ئاسمانی ئەبەدییەت
کەسیش تەنانەت... عومەری خەیامیش
لەو کەرنەڤاڵەوە نەگەڕاوەتەوە
تا چەند پرسیارێکی لێبکەین و
سەرنجڕاکێشترین موقابەلەی تەلەفیزۆنی
لەگەڵدا سازبکەین...
سوید –٢٠٠٨/١٠/٣



## زەردەپەڕو کازیوە

زەردەپەڕ نیشانەی ئاوابوون نییە
زەردەپەڕو کازیوە دوو خوشکن
مرۆڤ نازانێ کەی لە دایکبوون و کەی دەمرن
*****

زەردەپەڕو کازیوەو پەلکەزێڕینەم تێکەڵاوکرد
بوون بە فەرهەنگی رووناکی
سبەینێ ئێوارە زەردەپەڕ دێتەوە
وەکو خۆیەتی و ناگۆڕێت
بەڵام کە مرۆڤێک دەمرێت
هەرگیز هەرگیز یەکێکی کوتومت وەک ئەو
لەدایکنابێتەوە
سروشت بە هۆی سووڕانەوەی زەوی و هەتاو
سەرەتاو کۆتایی نادیارە
هیچ مرۆڤێک فریای یەکەم سەرەتا نەکەوتووە
نابێت بە شایەدحاڵی کۆتاییش..
*****

## کون فەیەکوون

سالّەهایەکە،
بە کۆمەڵێ ئەدرەسی جیاجیادا
نامەیەکم بۆ خودا ناردووە
هەموو شەوێک بەر لە خەوتن
سنووقی پۆستەکەی عەقڵم دەکەمەوە
وەڵام نییە
گشت بەیانییەک،
بەر لەوەی کە دەموچاوم بشۆم
سەرنجێکی پۆستی دەرگای شوقەکەم دەدەم
وەڵام نییە
رۆژانە ئەو نامەیە کۆپی دەکەم
بۆ هەموو ناونیشانەکانی
زەوی و ئاسمانی دەنێرم
وەڵام نییە
چەندجارێک خستوومەتە شووشەیەکی بچووکەوەو
فڕێمداوەتە ناو دەریای قووڵەوە
وەڵام نییە
کاتێ منداڵیش بووم



نامەکەم بە کۆلارەی کاغەزەوە دەبەستەوە
هەموو کەتیرەکەم دەکردەوەو
پاشان دەزووڵەکەم دەپچڕان

وەڵام نییە
لە زۆربەی رۆژنامە گەورەکانی جیهاندا
بە زمانی جیاواز ئەو نامەیەم بڵاوکردۆتەوە
وەڵام نییە

* * *

من هەرگیز وەک ماغووت ناڵێم خودا نەخوێندەوارە
بۆیە وەڵامی نامەکەم ناداتەوە
بەڵام دەپرسم
لەو ئۆقیانووسە بێکۆتاییە پڕ لە هیدایەتەی
ئایا ناکرێت
بە کون فەیەکوونێک
دڵۆپەیەک لە ئارام و
دڵۆپەیەکیش لە ئاسوودەیی
بخاتە دڵە ئاگرەکەی کەرکووکەوە...

ڤێستەرۆس ـ سوید **٢٠٠٨/١٠/٢٠**
***

## ماڵئاوایی

تەنیام
تەنیای
تەنیاییمان وڵاتی پەپوولەی سپی و کۆتری سپییە
هەمیشە مانگەشەوە تەنیاییمان
تەنیاییمان ئاوێنەیەکە لە شووشەی هەوری سپی
لووتکەیەکی بە بەفر درەوشاوەی
ژێر پڕشنگی هەتاوی بەیانیانە
تەنیایی من
قەڵای کۆشکەکەی (کافکا)یە
لە ناو سەهۆڵە مەییوەکانی قوتبدا
تەنیایی تۆ
ئاگری دۆزەخەکەی (دانتی)یە
لە ناو دەریا بەستووەکاندا
من و تۆ، دوو تەنیاین
رەنگمان لە رەنگی ئاو و هەوا دەچێت
هەمیشە مانگەشەوە لای تۆ
هەمیشە بەفر بارینە لای من
تەنیایی هەردووکمان وڵاتی تریفەیە



ئەستێرەکانیش وەکو ئێمە تەنیان
خۆر تەنیایە، مانگ تەنیایە
بەڵام تەنیاییەکەی تۆ لە رەنگی بۆشایی دەچێت
تەنیاییەکەی من لە رەنگی هیچ دەچێت
ئەی نابینی گوڵە ئەستێرەکانی ئاسمان
بە بۆنەیساڵی تازەوە باڵەفڕەیانە
ئەوانیش وەک دانیشتووانی شاری خەیاڵ
ئاهەنگ ئەگێڕن
بۆ من و تۆی مرۆڤ
مرۆڤی تەنیاتر لە تەنیایی خوای غەریبان

**٢٠٠٨/١٢/٣٠**

سوید

***

سەلام محەمەد ناوێك هەبوو لـە ٢١ی ٧ی ١٩٥٤دا لـە شـاری کەرکووکـدا هاتـە دنیاوەو ئەویش بۆ بەدبەختی وەکو گلگامش کەوتە سۆراغی گژو گیـای ئەبەدییـەت و لەم پێناوەدا بۆ دوورگەکانی واق واق سەری خۆی هەڵگرت تا لە.....ی...... ی...... دا بە نامرادی ماڵئاوایی لێ کردین و سەفەری کرد بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان.

سوێد

٢١/٧/٢٠٠٧ - ٢١/٧/٢٠٠٩

برام کاك سەلام

رێزو سڵاوی گەرمم...

لەم رۆژانەداو لە دواژمارەی گۆڤاری هەناردا دیدارێکی دوورو درێـژو تێروتەسـەلی تۆم خوێندەوە، بەڕاسـتی کـەمجار دیـداری وا خۆشـم لـەنێو ئـەو پاشـاگەردانی و زۆرو بۆرییەی ئەمڕۆی بڵاوکراوەو بازاڕی بەناو (فەرهەنگ)ی کوردییەدا بەرچاو کەوتووە.



ئەوەی بە لای منەوە جوان بوو و جێـی دەستخۆشـییە لـە تـۆ، ئـەو راسـتگۆیی و راشکاوییەیە، کە لە قسەکانتدا هاتوون و هەموو شتەکانت توێکڵ گرتوونەوەو پـاك و خاوێن و سپی، داوتنە دەست خوێنەرەوە.

بە بڕوای من راستگۆیی لە قسەکردن و گوتارو نووسـین و رادەربڕینـدا، گـرنگترین شتێکە، کە گەرەکە، ئاخێوەر، نووسەر، یا هەر کەسێکی دیکـە، بـە تایبـەت ئـەوەی خودان پەیامێکەو گەیانـدنی پەیامەکـەی بـە ئـەرکێکی سەرشـانی خـۆی دەزانێـت، بیپارێزێ و هەرگیز بۆ یەك چاوترووکانیش لەبیری نەکات. ئەوەیشی پێـچەوانەکەیەتی، ئیدی هەرچی بڵێت و بکات، جێی گومانەو نیازپاکیشی نیشانەی پرسـیاری دەکەوێتـە سەر.

من بۆ خۆم حەز بەخوێندنەوەی ئەزموونی کەسیەتی و بیرەوەریی و دیدارو ئەو جۆرە نووسینانە دەکەم، کە زۆرتر بەلای کراوەیی و (عەفەوییەت) و (تیلقائییەت)و ئەوانەدا دەڕۆن و پێموایە لەو جۆرە قسانەدا مرۆڤ خۆی بە خەڵك و خوێنەر دەداتە ناسین، چەندە راستگۆ بێت، هێندە خوێنەرو گوێگرو بینەر، هۆگری دەبن و قـسەکانی کاریگـەرییان دەبێت.

دیدارێکی خۆش، ساڵانێك پێش ئێستا لە حەفتەنامـەی (میـدیا)دا خوێندمـەوە، هی (جەوهەر ئاغای سوورچی) بوو، کە باسی لە پێوەندی خۆی وەك راوێژکارو سـەرۆك جاشێك بە حکومەتی بەعسەوە دەکرد، بە راستی هێندە ئاشکراو کراوەو راسـت و رەوان و بێ گرێوگۆڵ قسەکانی کردبوو، کە هەرگیز لە یادم ناچـنەوە. بـەڵێ بەخوێندنـەوەی دیدارو یادەوەریی مەزنگەلێکی وەك (ئێدوارد سەعید)و هـی دیکـەی وەك وی، مـرۆڤ بەهرەمەند دەبێت و شتگەلێکی زۆر فێر دەبێت و خەرمانی زانیارییەکانی پتر کەڵەکـە دەبن و پتر بەناخی خۆیدا رۆدەچێ و شتەکان وردتـرو روونـتر دەبـینێ، لـێ زۆر جـاران ئەوانەی، کە گرێوگۆتـاڵی ژیـانی نـوێ و ئایـدیۆلۆژیا و فەلـسەفەو جیهانگـەری، چ کاریگەرییەکی لە سەریان نـەبووەو سـافیلکانەو هەرەمەکیانـە دەهـزرێن و دەپـەیڤن، فێنکاییەکی تایبەت، چێژێکی تایبەت، بە مێشکی ئێمەی خوێنەر دەبەخشن.

چەند شتێكی زۆر جوان، كە لە دیدارەكەتدا هاتوون و تۆ باست لێوە كردوون، سەرباری شیعرو كەركوك و بزاڤی ئەدەبی سەردەمی ١٩٧٠كان و كۆمەڵێك شتی دی، كە بۆ خۆیان بەشێكی گرنگی مێژووی فەرهەنگی ئەو وڵاتەی خۆمانن، باسكردنی كێشەی خواردنەوەو سووتاندنی ماڵەكەی خۆت و ئەو پێوەندە نائاساییەت بە دەسگای پاراستن و ئەو كارەی پێیان راسپاردبووی و ئەنجامەكەیشی، بە دیوە عێراقییە حكومەتییەكەیدا. بوون، واتە: كۆمەڵێك زانیاری لەمەڕ كۆمەڵێك وردەكاریی و وردەواڵەی ژیانی كەسەكی خۆتەوە، كە پێوەندییان بە دەوروبەرو ژینگەی ئەودەمی وڵاتیشەوە هەن. من ناچمە نێو وردەكاریی باشی و خراپی و هەڵەو راستیی ئەو كارانەت و باس لەو لایەنانەیان ناكەم، تەنیا باس لەدركاندنی ئەو باسانە دەكەم لەلایەن خۆتەوە. من ئەوە بەبوێریی و راستگۆیی دادەنێم و پێموایە كەم كەس ئاوها دەتوانێت، ددان بەهەڵەو چەوتی و پاشخانێكی تەماویی و شاراوەی خۆیدا بنێ و راستییەكان ریكوڕەوان و بێ پێچوپەنا بدركێنێ. پێموایە كارێكی گەلێك چاكتكردووەو خوا بكات ئەمەی تۆ ببێتە پێشەنگ بۆ خەڵكانی دیكەش، بەتایبەت بۆ سیاسەتكاران و تێڵابەدەست و دەسەڵاتدارانی كورد، كە بەشێكی زۆری ناهەمواری و نەهامەتیی و سیاچارەیی و بەدبەختی خەڵكی كورد، لە كاری ژێربەژێریی و شاردنەوەی راستییەكانەوە لە لایەن ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەگەر بێتەوە بیرت، من باشم دێتەوە بیر، نیوەڕوانێكی گەرمی كەركوك، فازیل جاف و من، لە باڕ (مەیخانە)ی (حەموورابی)، كە لە سەر جادەی جەمهووری، لەسەرووی شوكر نەجاڕو لە تەنیشت سینەمای سەلاحەدینەوە بوو دانیشتبووین و دەمانخواردەوە، ئێمە بیرەی ساردمان دەخواردەوەو لەپڕ تۆ خۆت بە ژووردا كردو لای ئێمە دانیشتی، پێكەوە دانیشتین. یەكێك لەو كوڕانەی، كە لە باڕەكەدا كاری دەكرد، ناوی داوود بوو و لە مەسیحییەكانی كەركوك بوو و تاڕادەیەك برادەرم بوو، وەك نەریت و ئوسووڵی لای خۆمان بانگمكرد، كە شتێكیش بۆ تۆ بهێنێت، تۆ داوای چارەكێك ویسكیت كرد. ئیدی نزیكەی دوو سێ سەعاتێكمان لەوێ بەقسەو باسەوە بەسەر بردو



دواتر هەڵسایین. ئێمە چووین بۆ چایخانەی بابیل، كە من هەموو رۆژێك لەگەڵ چەند هاوڕێیەكمدا لێی دادەنیشتین و تۆیش بە لایەكی دیكەدا رۆیشتی.

چایخانەی بابیل، كە لە نێوان كتێبفرۆشی (ئاسۆ)و ئۆرۆزدی باكی ئەوساو بەرانبەر چایخانە یا كازینۆی نەسر(نصر) بوو، جێی دانیشتنی رۆژانەی ئێمە چەند هاوڕێیەك بوو و هەموو عەسرانێك لەوێ كۆدەبووینەوە. ئەگەر یەك دانەمان دیار نەبووایە، ئیدی دەبووە جێی پرسیارو نیگەرانی. ئێمە، ئەوانەی لەوێ كۆ دەبووینەوە، سەرباز، كارمەند، كارگەر، بێكار، خوێندكار، مامۆستاو هەموو جۆرێك بووین و لە هەموو ئاشێكمان دەكردو هەموو شتێكمان دەگوت و رەخنەمان لە هەموو شتێك دەگرت. تا رادەیەك رۆژانەش دەچوومە كتێبفرۆشیی ئاسۆ، كە هەموو ئێمە سەردانیمان دەكرد. كتێبفرۆشیی ئاسۆ، كە بۆ تۆ و بۆ من و بۆ زۆریی دیكەش، بۆ خۆی باسێكەو زۆری دەوێ.

من زۆرجاریش دەچووم بۆ لای لەتیف هەڵمەتی كۆنە هاوپۆلم، كە ئەوەدەمی فرۆشگەیەكی بچكۆلانەی لە سەرووی ئەو دەوروبەرەی باسی دەكەم، كردبووەوەو لەوێ گۆزەی دەفرۆشت. شاعیرو گۆزەفرۆشتن! تا رادەیەك كۆنتراستێكی سەیرە، بەڵام بۆ نا، ئەی چی كردبا! بە بڕوای من ئەو گۆزەفرۆشتنەی هەڵمەت، بەشێك بوو لە سەرەڕۆیی یا هەر درێژەپێدانێكی یاخیبوونەكەی بوو.

ئێستاش دەڵێی دوێنێیە (دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەكی زەردەوە) كەتم دێتەوە یادو نەك تەنێ من، بەڵكە زۆرینەی ئەوەی خوێندبوویەوە، گەلێكیان بە لاوە جوان بوو و گەلێكیش بوێرانە بوو، كەركوك لەو سەردەمەداو بەو جۆرە باس بكەیت.

كەركوك چ ئەودەم و چ ئێستا بۆ ئێمە، خەونێكی خۆش، عیشقێكی بێ بڕانەوە، مۆسیقایەكی پڕ جۆش و ئارامبەخش بوو. من بۆ خۆم سالانی ژیانی كەركوكم، بە خۆشترین سالانی ژیانم دەزانم و هەرگیز هیچ سەردەمێكی ژیانم لەو سەردەمە پێ خۆشتر نەبووە. ئەو سالانە بۆ من، بێجگە لە پراكتیزەكردنی ژیان، بە لایەنە كردەییەكەیدا نەك تەنێ لایەنە تیۆرییەكەی و سەربازی و دەسپێكردنی كار،

خوێندنگەیەك بوون، دەیان وانەی پڕبایەخیان تێدا فێربووم، تێکەڵاوییەکی زۆرو پێوەندێکی توندوتۆڵم لەگەڵ دەیان دۆست و هاوڕێی نێزیکدا دروستکرد، ئەزموونێکی بەرین و فراوانی هەڵسوکەوت (بەکردەوە) لەگەڵ فەرهەنگی جیاواز، خەڵکی جیاواز، بیروباوەڕی جیاواز، نەتەوەی جیاواز، ئایین و ئایینزای جیاوازدا فێربووم. ئەو ساڵانەی کەرکوك، ساڵانی ئەڤینداری و چڕبوونەوەی بیروباوەڕی چەپ و شۆڕشگێڕانەم بوون، کە هەمیشە دوو قۆڵیی، دەست لە ملانی یەکدی بوون و جویێ نەدەبوونەوە. ساڵانێك بوون خوێندنەوەکانم بۆ رووداوەکان و دیدم بۆ بوون و دەوروبەر، بەرەبەرە جێگیر دەبوون و رێچکەی خۆیان دەدۆزییەوە. هەر لەو دەمەشدا بوو، من بە چاوی خۆم، لەتوپەتکردنی لەشولاری کەرکوکم دەدی، رۆژێك قامکێکی و رۆژێك دەستێکی و رۆژێك لاقێکیان دەقرتاندو لێدەکردەوەو رۆژێکیش نێوقەدیان دەبڕییەوە. بەعساندن و عەرەباندن و داگیرکردنی خاك و وەدەرنانی خەڵکی کوردم دەدی و دەمدی چۆن هەوڵی تاساندن و گیانکێشانی کەرکوك دەدەن، ئەوانە مۆتەکەیەك بوون بۆ ئێمە، لێ کەرکوکی هەمیشە گڕ، خۆی بەدەستەوە نەدەداو کەرکوك بەرخۆدانی دەکرد. کەرکوکی بێشەی شۆڕشگێڕان، ئاگرێکی زیندووبوو و بەوان خامۆش نەدەبووەوە. ئەودەم گەنج بووین و دڵی ئێمەش بەشێکی ئەو رۆحە زیندووەو ئەو ئاگرە زیندووەی کەرکوکی لەنێو خۆیدا هەڵگرتبوو و حەشاردابوو و بۆ هەمیشە، وەك رازێك، وەك نهێنییەکی پیرۆز، پاراستی و دەیپارێزێ و هەر دەیپارێزێ، تا ئەو رۆژەی سەرلەنوێ شین دەبینەوەو دەبینەوە منداڵە چەقاوەسووەکانی تەپەی مەلا عەبدوڵڵا و ئیمام قاسم و بەرتەکیە و ئەحمەد ئاغاو حەسیرەکەو زێوێ و رەحیماواو شۆڕیجەو هەموو کووچەو کۆڵانەکانی ئەو شارە، باوەگوڕگوڕو هەموو کەرکوك. ئەو رۆژانەم، هەمیشە، وەك پاییزەخەونێك یا شەستەبارانێکی بەهار دێنەوە یادو تەزێکی خۆشی و فێنکاییەك بەهەست و مێشکمدا تێدەپەڕێ. مەولانا جەلالوددینی رۆمی دەڵێ:

بشنو از نی چون حکایت میکند
از جداییها شکایت میکند



ئێمەش مانەندی ئەو نەیەی مەولانا باسی لێوە دەکات، هەمیشەو تا ئەو رۆژەی لەژیاندااین، بەو جودابوونەوەیەی کەرکوکەوە دەتلێینەوەو خۆدەخۆێنەوەو دەناڵێنین و کەسیش، بێجگە لەخۆمان (کەرکوکییان)، لەو دەردەمان تێناگات. عەرەباندن و داگیرکردن و وەدرنان و کۆچپێکردن و ئەنفال و گوندڕووخاندن و تالانکردن و زەوتکردنی هەموو شتێك، هەموو ئەوانەو گەلێکی دیکەش، داخگەلێکی گەرمن، پشکۆیەکن، بە مێشك و بیرگەو دەروون و بوونی هەموو ئێمەی کەرکوکیاندا چزێنراون و هەمیشەو تا ماوین بۆکڕووزی دێت و تەنێ خۆمانین هەستی پێ دەکەین.

ئێمە، تۆ و من و هەموو ئەو کەرکوکیانەی ئەودەم، کۆمەڵێك یاخی بووین و هەر هەموو شەیدای ئازادی بووین و خاوەنی کۆمەڵێك خەون بووین. ئێستاش ئەو خەونانە هەوێنی ژیان و بەردەوامیمانن، تۆیش، کە تۆوێکی ئەو ژینگەیەیت و بە هەموو خەمەکان ئاشنایت، لەو بڕوایەدا نیت؟

جارێکی دی دەستخۆشیت لێ دەکەم و هیوام بەختەوەری و کەیفسازی و لەشساغییتە.

ئەگەر ئەدرێسی پۆستیی خۆتم بۆ بنێریت، کتێبێکی شیعریی هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆم (تەیب جەبار)ت بۆ دەنێرم.

هەمیشە سەرکەوتوو بیت.

ئەمجەد شاکەلی

٢٠٠٩/٣/١٩

*ئەم نامەیە لە گۆڤاری (هەنار)ی ژمارە ٤١ی یۆنیۆی ٢٠٠٩ی ساڵی چوارەم، لە لاپەڕەی ١٠٢-١٠٧دا، بڵاوکراوەتەوە.

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی شاعیر حەمە کاکەڕەش دەکەم بۆ گشت هاوکاریی و یارمەتیدانێك هەر لە تایپکردنی کۆمەڵە شیعری دەمەوئێوارانەوە بۆ ریزکردن  بە زنجیرەو خستنە سەر یەکی گشت بەشەکانی ئەم کتێبە، سەرەڕای بە تەنگەوەهاتنی بۆ درێژەپێدانی تاقیکردنەوەی شیعری و ئەدەبیم.  هەروەها زۆر سوپاسی شاعیر محەمەد کوردۆ دەکەم کەلە بنەڕەتەوە بیرۆکەی چاپکردنی کتێبەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. هەرچی کەسێك لەم پرۆسەیەدا هاوکاری کردووم هەزارجار ماڵی ئاوابێت.

سوپاس بۆ گۆڤاری هەنار کە دوای زیاتر لە بیست ساڵ دوورکەوتنەوەو دابڕان لە نووسین خۆم و شیعرەکانمی بەسەر کردەوە.

سەلام محەمەد